# هەنگاوەکانی بنیاتنانی دەوڵەتی کوردستان لە دیدی ئافرەتانەوە



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**ئەگەر بۆ مێژووی دووری کورد لە عێراقدا نەگەڕێینەوەو تەنیا ئاوڕێك لە حکومەتی بەناو عێراقی فیدراڵی بدەینەوە، دەبینین مەزهەبگەرایی و پشتگوێخستنی شەراکەتی راستەقینە و پێشێلکردنی دەستوور و پەیڕەوکردنی غەدر و فشار لە سەر هەرێمی کوردستانی سەربەناوەند، وایکرد دەرگای دیالۆگ دابخرێت و سەرۆکی کوردستان بە پشتیوانی لایەنە سیاسییەکان و گەلەکەی بڕیاری ئەنجامدانی سەربەخۆیی بۆ جیابوونەوە لەو عێراقە بدات، کە قوتی خەڵکی سڤیلی بڕیوە و هەموو کارتەکانی فشاری لە دژی دەستکەوتەکانی کورد بەکار هێناوە. کارنامەی عێراق و پلاتفۆرمی کوردستان وایکردووە ئێستا کورد لە جیهاندا بە ئاشتیخواز و دوژمن شکێن و دژی تیرۆر و توندڕۆیی و بە کەناری ئارام بۆ پێکەوەژیان و فرەنەتەوەیی و فرەئایینی ناسراوە، عەرەبی عێراقیش (بە سوننە و شیعەوە) بە توندڕۆیی و مەزهەبگەرایی و تیرۆریست پەروەریی ناوبانگیان دەرکردووە. بۆیە هەر ئەو زلهێزانەی کە بە زۆرەملێ بەشێکی کوردستانیان بە عێراقەوە لکاند، ئێستا لەبەردەم جیابوونەوەیدا بەربەستی گەورە دروست ناکەن. بۆیە بە هەموو پێوەرەکان و لە سەرووی هەموویانەوە ئیرادەی سەرۆك و گەلی کوردستان بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ زۆر نزیکە و ئافرەتانیش لەو ئەرکە مێژووییەدا پشکی شێریان بەر دەکەوێت. لەم راپۆرتەشدا چەند خاتوونی چالاکی سیاسی رای خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**



سەرەتا د. ئەشواق جاف ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران عێراق، خۆشحاڵیی خۆی بۆ سەرکەوتنی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم دەردەبڕێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «سەرکردایەتی کورد لە ئێستادا لە بەرامبەر هەڕەشەکانی عێراق لە حالەتی بەهێزیدایە، نەك لە لاوازی، لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە بەغدا دەکات کە ئەو مەلەفانەی کێشەی لەسەرە، لە رێگەی گفتوگۆ چارەسەر بکەن، بەڵام بەغدا دەڵێ گفتوگۆ ناکەم. « گوتیشی: «بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان کە حکومەتی ناوەند گفتوگۆت لەگەڵ نەکات، ئەوە دەبێتە دەستپێکی هەنگاوێکی خێراتر بۆ راگەیاندنی دەوڵەت، لە ئێستاشدا ئێمە مەوقفمان زۆر بەهێزە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی بەپێی دەستووری عێراق و یاسای نێودەوڵەتی لە دیاریکردنی مافی چارەنووسمان ئازادین، بۆیە ئێمە لە هیچ هەڕەشەیکی بەغدا ناترسین و زمانی هەڕەشەش بەکار



د. ئەشواق جاف
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران عێراق:

**ئافرەتان شانبەشانی پیاوان لە بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا بەشداری دەکەن و هیچ هێزێکیش لە سەرووی ئیرادەی گەلەوە نابینن**



سامیە شێروانی چاودێری سیاسی:

**لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا جیاوازی ڕەگەزی مانای نییە و دەبێت پێکەوە وڵاتەکە بونیان بنێن**



چیمەن ڕەشید
کارگێڕی لقی یەکی دهۆك:

**پێویستە بە گوڕ و تینی زیاترەوە خزمەت بە دۆز و نەتەوەکەمان بکەین، لەو بوارەشدا دەبێت ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت**

ناهێنین، ئەگەر ئەوان بیانەوێ بەپێی دەستوور و یاسا گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەین، هەرگیز جارێکی دیکە بە هەڕەشەکانی ئەوان لە هەوڵەکانمان سارد نابنەوە، ئەوان دەیانەوێ کورد لە سەربەخۆ بوون و جودابوونەوە پاشگەز ببێتەوە، ئەوەش لەلایەن گەل و سەرکردایەتیی کورد کارێکی ئاسان نییە و هیچ هێزێك لە سەرووی ئیرادەی گەل نییە، چونکە ئیرادەی گەل بوو دەنگی (بەڵێ)ی بەسەر (نەخێر)دا زاڵ کرد. بێگومان ئافرەتان شانبەشانی پیاوان لە بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا بەشداری دەکەن و هیچ هێزێکیش لە سەرووی ئیرادەی گەلەوە نابینن».

سامیە شێروانی، وەك چاودێرێکی سیاسی سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد هاوکێشەیەکی نوێ بەرهەم دەهێنێت، کاتێك سات لەدوای سات لە ئەنجامدانی مێژووترین پرۆسەی هەستیار لەم قۆناغەی ئێستای کوردستان نزیك دەبینەوە، کۆمەڵێك ڕەهەندی سیاسی ئەوەمان پێدەڵێت کە ئێستا باشترین کاتە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، لەبەر ئەوەی چەند ڕووداوێکی تایبەتمەند ئەمڕۆ لەناوچەکەو بگرە لەجیهانیشدا ڕوودەدات، کە ئێمە لە بەخاوەن دەوڵەتبوون نزیك دەکاتەوەو بەرەو سەربەخۆییمان دەبات». گوتیشی: «لەم کاتە هەستیارەدا کاتێك دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بۆتە ئەمری واقیع و نەیارانی کوردی زۆر بێزار کردووە، کەچی لەناوخۆدا کەسانێك گومان لەسەر بەدەوڵەتبوون دروست دەکەن و دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و ئەم دەوڵەتەش وەکو دەوڵەتەکانی کۆنی کوردی تەمەنی درێژ نابێت، بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی زۆر زانستی وەڵامیان دەدەینەوەو فاکتەرەکانی سەربەخۆیی بۆ خوێنەران شیدەکەینەوە کە پایەی بەدەوڵەتبوونە. یەکێك لەو فاکتەرە گرنگانەی کە سەرکەوتنمان پێدەبەخشێت لەکاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستاندا ئەوەیە کە پێکهاتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کاڵبوونەوە و پووکانەوە دەچێت، جەنگی ناوخۆیی و قەیرانە سیاسییەکان وڵاتانی ناوچەکەی شپرزە کردووە، هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، بۆتە ئەمری واقیع. خاڵێکی دی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩١ هەرێمێکی سەربەخۆی هەبووە کە یەکەم جارە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆ و پاك و بێگەردەوە لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەم حکومەتی بیناد ناوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە وەك دەگوترێت کوردستان دورگەیەکی ئارامە بۆ پێکەوە ژیان لە دەریایەکی پڕ لەجەنگ و ئاژاوە، ئەمەش وایکردووە کە هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بەڕوونی مامەڵەی لەگەڵ بکەن و بەگرنگییەوە لە پێگەکەی بڕوانن».

ئەو چاودێرە سیاسییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کاتێك چاودێرانی سیاسی و ئابووری باس لە باشووری کوردستان دەکەن، وەك دەوڵەتێکی سەرکەوتوو دەیشوبهێنن، بۆیە ئێستا باشترین کاتە بۆ ڕاگەیاندی دەوڵەتی کوردستان و سەرجەم فاکتەرەکان ئامادەن و ناشکرێت ئێمە چاوەڕوانی هەموو جیهان بکەین تا ئەوان ڕازی بن، ئەوکات ئێمە هەنگاوەکان بنێین». نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە «کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لە ساڵی ١٧٧٦دا سەربەخۆیی ڕاگەیاند، لە لایەن دراوسێکانیەوە وەك دەوڵەت قبووڵ نەدەکراو سنوورەکانیشی ناڕوون بوون، بەڵام بە تێپەڕینی کات و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە ئەمڕۆ بەهێزترین دەوڵەتی جیهانە». هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «ئەمڕۆ زۆربەی کونسوڵخانەی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی لە شاری هەولێرن، لەکاتێکدا کەمترینیان لەشاری بەغدان، واتا ئەوان هەولێریان هەڵبژاردووە، سەرەڕای ئەوەی هەرێمیش نوێنەرایەتی لە زۆربەی پایتەختەکانی جیهان هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی کە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وایکردووە کە هەنگاونانمان بەرەو دەوڵەت زۆر ئاسان بێت. لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا جیاوازی ڕەگەزی مانای نییە و دەبێت پێکەوە وڵاتەکە بونیان بنێن».

چیمەن ڕەشید کارگێڕی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە دهۆك و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «گرنگترین هەنگاو لەلایەن سەرۆکی کوردستان و پارتە سیاسییەکان هاتە هاوێشتن و بە بەڵێی گەلی کوردستان لەسەرجەم دنیادا ئەو بڕیارە پەسند کرا، ئیتر ئیرادەی سەربەخۆیی پاشگەزبوونەوەی بۆ نییەو پێویستە بە فەخر و شانازییەوە کار بۆ پاڵپشتیی سەرکردایەتیی کورد بکەین و هەڵوێستی جددیمان لەسەر دروستبوونی دەوڵەت هەبێت، پاش ئەو هەموو ماندووبوونەی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی کورد، ئەرکی سەرشانی میللەتی کورد ئەوەیە ئارامیی خۆیان بپارێزن و دەبێت هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەوروبەر شارستانی بێت». گوتیشی: «هەنگاوەکانی پاش ریفراندۆم زۆر هەستیارە و پێویستە هەر هەنگاوێك کە دەیهاوێین بە وردی حیسابی بۆ بکەین، ئەویش چ لەلای سەرکردایەتی سیاسی و ئەحزابی سیاسی و چ لەلایەن خەڵکی خۆڕاگری کوردستان، چونکە لە قۆناغێکی گرنگ دەرباز بووین و قۆناغی دوای ئەو گرنگتر و هەستیارترە بێگومان ئەمڕۆ دۆست و دوژمن حیسابێکی تر بۆ کوردستان دەکەن، ریفراندۆم بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا، سەرەڕای دژایەتیکردنی زۆربەی وڵاتانی جیهان و هەڕەشەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێ، لەم هەلومەرجەدا یەکخستنی نێومالی کورد و یەکدەنگی و یەکڕەنگیی تێکڕای لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان کلیلی سەرکەوتنمانە، دەکرێ زۆر لە جاران زیاتر خۆڕاگر بین و بەو پەڕی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرمان بکەین و هەرگیز هەڕەشە و گوڕەشەی دوژمنانی سەربەخۆیی کورد لەو بڕیارەی کە داومانە پاشگەزمان نەکاتەوە، بەڵکو پێویستە بە گوڕ و تینی زیاترەوە خزمەت بە دۆز و نەتەوەکەمان بکەین، لەو بوارەشدا دەبێت ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت».

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# گەنجانی کوردستان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەن



**ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان وەرچەرخانێکی گەورەی مێژوویی بوو، کە کوردستانییان بە گشت پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانیەوە، بە کۆدەنگی و لە کەرنەڤاڵی مەزنی جەماوەریدا پشتیوانییان لەو سەرۆکە هەڵکەوتووە کرد کە راشکاوانە گوتی: من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتەکەم بکەم. بێگومان هەوڵەکانی سەرۆکی کوردستان مسعود بارزانی، بۆ گەڕاندنەوەی سەروەریی و رزگاری لە عێراقێکی داتەپیوی مەزهەبگەرای توندڕۆ، سنووری وڵاتانی زلهێزی ناوچەکە و جیهانی بڕی و ئامانج و خواستی هەڵقوڵاوی ئیرادەی پێشمەرگەی وڵاتپارێز و خەڵکی قارەمان و خۆڕاگری کوردستانی بردە سەر مێزەکانی دیپلۆماسی و پرسی کوردی کرد بە پرسێکی جیهانی، تا ئەو رادەیە کە هەر ئەو زلهێزانەی کوردستانیان بە زۆرەملێ بە عێراقەوە لکاند، لە بەردەم ئیرادەی جیاکردنەوەیدا، ئەگەر رازیش نەبووبن، ئەوا بەربەستیان دروست نەکرد، ئەم وەرچەرخانەش لە سایەی سیاسەتی حەکیمانەی سەرکردایەتیی کوردو فیداکاری و قوربانیدانی پێشمەرگە لە راماڵینی تیرۆریستانی دڕندەی داعش و رۆحی پێکەوەژیان و ئاشتەوایی و فرەڕەنگی نەتەوەیی و ئایینی لە ژینگەی کوردستاندا دروست بووە. لە ئێستاشدا کە باشووری کوردستان لەم گەلپرسییە مێژووییەدا بەیەکجاری ژێردەستەبوونی دەوڵەتی بەناو فیدراڵ و بە پراکتیك مەزهەبگەرای عێراقی رەتکردووەتەوە، گەنجانی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی کە جیلی دوای راپەڕینن و بۆ یەکەمجار مافی دەنگدانیان هەبووە، شانازی بەوەوە دەکەن کە دەنگەکەیان بۆ سەربەخۆیی و رزگاری لە بندەستی و کۆیلەیەتی بووە، بۆیە زۆر بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی راگەیاندنی دەوڵەتی کۆماری فیدراڵی کوردستان دەکەن، هەتا بەغدا و هاوبیرانی فێر ببن کە فیدراڵی چییە و چۆن هاوبەشیی راستەقینە پراکتیزە دەکرێت.**

**ئێمەی گەنجان بۆ پاراستنی دەوڵەتی کوردستان و ئاڵاکەی گیان بەخت دەکەین و تاکە ئاوات و ئامانجیشمان سەرخستنی دەوڵەتی کوردستانە خۆشەویستەکەمانە**

**وەک گەنجێکی دەڤەری سلێمانی بە شانازییەوە دەنگی بەڵێ بۆ وەفاداری بەرامبەر بە خوێنی شەهیدان و ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەرزدەکەمەوەو داوای دەوڵەتێکی سیستماتیک و خۆشبژێوی لە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و سەرۆک بارزانی دەکەم**

**وەک گەنجێک شانازی دەکەم کە سەرۆکێکم هەیە تەحەددای جیهان و دوژمنانی دراوسێشی کرد و بەڵێنەکەی بردە سەرو نەیهێشت ئیرادەی نەتەوەییمان بشکێت.**

بەوپێیەی گەنج و لاوی کورد دەستێکی باڵایان لە خەباتی گەلی کوردستان هەبووە وشەهید و قوربانی زۆریشیان لە پێناو پرسە رەواکانی گەلەکەماندا داوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی گیانی نەتەوەیی و هەستی کوردایەتی، توانیویانە جوانترین وێنەی خەبات و تێکۆشان لە مێژووی ئەم گەلەدا تۆمار بکەن، لەم دۆخە هەستیار و چارەنووسسازەشدا لە سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم رۆڵی کارا و جددییان بینی، هاوکات ئامادەیی خۆیان بۆ خزمەتی زیاتری وڵاتە سەربەخۆیەکەیان دەردەبڕن و خوازیارن دەوڵەتی کوردستانن و خەونی گەورەی شەهیدان ببێتە واقیع و هەڵگری ناسنامەی وڵاتێکی سەربەخۆ بن. هەر لەو بارەیەوە سەرەتا تەرزە محەمەد حوسێن کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان، باس لەوە دەکات کە: «دەوڵەتی کوردستان خەونی هەموو کوردێکی بەشەرەفە و سەدان ساڵە هەوڵی بۆ دراوە، لەسەردەمی تازەشدا گەلێك گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەشێوازەکانی ژیان و گوزەرانی مرۆڤدا روویان داوە، پێشکەوتن لەبنەڕەتدا هەنگاوێکی مرۆڤانەیەو هەڵگری بەکارهێنانی عەقڵی مرۆڤە لەبواری ئەرك و ماف، یان پەیامی دروستکردنی دنیایەکی باشتر کە لەگەڵ پێداویستییە مرۆییەکاندا گونجاو بێت، یەکێك لەو شتانەش کە وەك پێداویستیی مرۆڤ دەستنیشان کراوە، سەروەریی و ئازادییە، کە لە دەوڵەتی نەتەوەدا بەرجەستە دەکرێت.» گوتیشی: «بە رای من لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی تازە، پێویستە پرۆژەیەکی هۆشیارانەو وردو چاودێریکراو دابڕێژدرێت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە کە ئەرك و ماف پەیامە تازەکان لەسەربنەمای نەتەوایەتی بێت و یەکدەستکردنی یاساو دەزگا یاساییەکانی دەوڵەت بگرێتەوە، بەگشتی بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی پەروەردەی گشتی و دابینکردنی دیسپلینێکی یاسایی بۆ یاساسەروەریی و زاڵکردنی بەسەر هەموو شێوەکانی دیکە و بەرژەوەندیی بەرتەسکدا، زەروورەتە و هەر لەبەر ئەمەشە دەوڵەتە مۆدێرنەکان سەرقاڵی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بوون، بەوەش پەرەسەندن و پێشخستنی بەرژەوەندییە گشتی و نەتەوەییەکانیان وەك پێوەرو ئامانجی سیاسەتەکانی دەوڵەت کاری لەسەر کراوە. «جەختی لەوەش کردەوە کە لە کوردستانی سەربەخۆدا دەبێت «لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تەکنەلۆژیاو کەلتوورییەوە بەرنامەکان پۆلین بکرێت و هەمووان کۆدەنگ بن لەسەر پێشکەوتن و باڵاتربوونی شێوەی بەڕێوەبردنی



مەسەلە مرۆییەکان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەو بنیادنانی دەوڵەتێکی تازە، بەبێ جیاوازی بیرو رای سیاسی، هەروەها پێویستە بەشداری پێکردنی گەنج و ئافرەت بە پێی بڕوانامە و پسپۆڕی لە بەڕێوەبردنی حکومەت و لەسەرجەم دامودەزگا حکوومییەکاندا بە پێوەری (کەسی شیاو بۆشوێنی شیاو) لە بەرنامەی دەوڵەتی نوێدا جێگەی بۆ بکرێتەوە».

جەمال جەلال وەك گەنجێکی وەرگێڕ و رۆژنامەنووس سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «سەرەتا دەبێت ئەولەوییەتی کارەکان بونیادنان و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، هەتا لەو دەوڵەتەدا هەنگاوەکان بە ئاراستەی پێشکەوتن هەڵبگرین.» گوتیشی: «من وەك گەنجێکی پارێزگای سلێمانی داواکارم لە بونیاتی دەوڵەتی کوردستاندا بایەخ بە خەڵکانی نیشتیمانپەروەرو بەئەزموون لە کایەی سیاسی بدرێت، نەك ئەوەی بەناوی هێنانە پێشەوەی گەنجەوە وڵات بکرێتە شوێنی ململانێی بێ بایەخ. هەروەها داخوازیی من وەك گەنجێك لە دەوڵەتی کوردستان ئەوەیە بایەخێکی زۆر بە هونەرو وەرزش بدرێت، بەتایبەتی سینەما و مۆسیقا و لە وەرزش تۆپی پێ، هەتا گەنجان دوور بکەونە لە کایەی سیاسی. من پێمخوشە لە جیاتی ئەوەی گەنجان ببن بە شرۆڤەکاری سیاسی لە رێگەی هونەر و وەرزشەوە توانا مرۆییەکانی خویان بە جیهان نیشان بدەن. مەبەستم لەم خواستەشم زیاتر بۆ گەنجی سلێمانییە، چونکە لێرە گەنج هەمووی بە دەست سیاسەت و میدیای چەواشەکارانەوە پیر بوون. ئێمە پیویستمان بە مۆل و مارکیت و فەرهەنگسەرای مۆسیقا و سینەماو وەرزشە، نەك سیاسەتیك کە پێی کراوین بە ئامرازیك بۆ ململانێ و رقێکی دێرینە لەپیناو تێرکردنی خواستە بێ بەهاکانی چەند سەرکردەی حزبی لە شارە حەیاتەکە. من دەوڵەتم دەوێت تا خواستەکانمی تیا بە دی بێت. دەوڵەتم دەوێت بایەخ بە خواستە شارستانییەکانم بدات، وەك گەنجێکی دەڤەری سلێمانی بە شانازییەوە دەنگی بەڵێ بۆ وەفاداری بەرامبەر بە خوێنی شەهیدان و ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەرزدەکەمەوەو داوای دەوڵەتێکی سیستماتیك و خۆشبژێوی لە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و سەرۆك بارزانی دەکەم. شانازی بەوەش دەکەم کە سەرۆکێکم هەیە تەحەددای جیهان و دوژمنانی دراوسێشی کرد و بەڵێنەکەی بردە سەرو نەیهێشت ئیرادەی نەتەوەییمان بشکێت...پشتیوان بە خوای گەورە بەرهەمی خەباتی ١٠٠ ساڵەمان لەژێر سایەی دەوڵەتێکی دیموکراسی و سەربەخۆدا بەدی دێت.

سۆزان دهۆکی چالاکی کۆمەڵی مەدەنییە و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران گەنجەی تامەزرۆی جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستان و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەز وەك گەنجەك دەخوازم پێش هەموو شتێك دەوڵەتێکی سەربەخۆمان هەبێت،هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان تێیدا یەکگرتوو بن و مافی هیچ کەس و لایەنێك پێشێل نەکرێت، لەژێر یەك ئاڵا و ئەویش ئاڵای کوردستان بە ئازادی لە دەوڵەتێکی دیموکراسیدا بژین، بە هیممەتی سەرکردایەتی کورد و ئیرادەی گەل گشتپرسی کرا و هیوادارم پەنا بەخوا دەوڵەتی کوردستان رابگەیەندرێت و بە یەکجاری زوڵم و ستەمی دوژمن کۆتایی پێ بێت و میللەتی ستەمدیدەی کوردیش وەك هەموو گەلانی جیهان بە سەربەستی و ئازادی ژیان بکەن، ئەوکات پێویست دەکات گەنج لە خزمەت داخوازی و داواکاری ئەو دەوڵەتەدا بێت، نەك دەوڵەت بخەینە خزمەت حەزەکانمان، ئێمەی گەنجان بۆ پاراستنی دەوڵەتی کوردستان و ئاڵاکەی گیان بەخت دەکەین و تاکە ئاوات و ئامانجیشمان سەرخستنی دەوڵەتی کوردستانە خۆشەویستەکەمانە».

سامان ئەحمەد مامۆستایەکی گەنجەو بە حیماسەتەوە دەڵێت: «من هیچم ناوێت و هیچ داخوازیەکم نییە، تەنیا دەوڵەتم هەبێت هەموو شتیکی خۆم پێشکەش بەو دەوڵەتە دەکەم، دەوڵەت و دەوڵەتداری خەونی لە مێژینەی کوردە و سەدان ساڵە خوێنی بۆ دەڕێژین و قوربانی بۆ دەدەین، هەموو ئومێدم لە ئێستادا جودابوونەوە و رزگاربوونمانە لە وڵاتێکی داگیرکەر کە سەدان ساڵە دەمانچەوسێنێتەوە و ئەنفالمان دەکات، رووڕەشی بۆ دوژمنانی کورد و کوردستان، لە پێناو دەوڵەتێکی سەربەخۆ تا دواهەناسە بە گیان و بە دڵ دەجەنگین و خەبات دەکەین.»

ئاوارە پالانی ئەندامی گرووپی ئاگرینی خۆبەخشە و وەك گەنجیك داخوازیی ئەو ئەوەیە کە «کوردستان سەربەخۆبێت و خزمەتی خانەوادەی شەهید ئەنفالکراو و پێشمەرگە بکرێت، چونکە ئەوان بوون ئێمەیان گەیاندە ئەو رۆژە گرنگ و پیرۆزە،» گوتیشی: «هیوام ئەوەیە تەنیا ببینم کە کوردستان سەربەخۆیە، ئەوەی تر دوای سەربەخۆیی هەنگاو بەهەنگاو خواستەکانمان دێتەدی، چونکە هەموو رێگە دوورەکان بە یەك هەنگاو دەست پێدەکەن، ئێمەی کوردیش هەنگاوی گەورەمان ناوە و زۆرمان تێپەڕاندووە و زۆر کەممان ماوە ببینە خاوەن دەوڵەت و کیانی خۆمان و گەڕانەوەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانیش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ بە خاوەن دەوڵەت بوون و هەموو کوردێك ناسنامەی میللەتێکی سەربەخۆخوازی هەیە.

**بە هیممەتی سەرکردایەتی کورد و ئیرادەی گەل گشتپرسی کرا و هیوادارم پەنا بەخوا دەوڵەتی کوردستان رابگەیەندرێت و بە یەکجاری زوڵم و ستەمی دوژمن کۆتایی پێ بێت و میللەتی ستەمدیدەی کوردیش وەک هەموو گەلانی جیهان بە سەربەستی و ئازادی بژی**

**پشتیوان بە خوای گەورە بەرهەمی خەباتی ١٠٠ ساڵەمان لە ژێر سایەی دەوڵەتێکی دیموکراسی و سەربەخۆدا بەدی دێت**

**پێمخوشە لە جیاتی ئەوەی گەنجان ببن بە شرۆڤەکاری سیاسی لە رێگەی هونەر و وەرزشەوە توانا مرۆییەکانی خویان بە جیهان نیشان بدەن**

